# بناخەکانی ئابووری بۆ دێمۆکراسی

ن: مووسا غەنی نژاد
و: ڕێوار ئیبراهیم زادیان

هەوڵ دەدەم نیزامی ئابووری شی بکەمەوە و دواتر باسی دێمۆکراسی و پاشان پەیوندی ئەم دوانە بکەم و لە کۆتاییشدا باسی ئەوە دەکەم کە کۆمەڵگای ئێران لەم ڕەوتە دا لە چ قۆناغێك دایە و لە بنەڕەت دا ئەم ڕەوتە پێ دەچێ بێتە دی یان ئەوە کە ئایا شتێکی لەبارە؟

جۆرەکانی نیزامی ئابووری بە پێی ئەو دابەشکردنانەی کە لە زانستی ئابووری دا ئەنجام دراوە بە سێ گرووپ دابەش دەکرێن: نیزامی بازاڕی ئازاد، یا نیزامی ئابووری دەوڵەتی، یان نیزامی نەریتی کۆن(ترادسیۆنی) ئابووری‌یە. لەم بابەتە دا باسی هەر سێ جۆری نیزامی ئابووری و پەیوەندی و پێکهاتەکانیان لەگەڵ دێمۆکراسی دێتە گۆڕێ.

ئاشکرایە کە هەر چەشنە نیزامێکی ئابووری لەگەڵ دێمۆکراسی ناگونجێ و لەم ڕووەوە پێکەوە هەڵکردنی نیزامی ئابووری لەگەڵ دێمۆکراسی بابەتێکی بنەڕەتی و سەرەکییە.

بە کورتی نیزامی (بازاڕی ئازاد) بریتییە لە نیزامێك کە لەودا تەرخان کردنی بنەماکان بە پێی میکانیزمی نرخەکان و ئەو سیستەمە دیاری دەکرێ. واتە دەوڵەت لەودا ڕۆڵێکی ئەوتۆی نیە و یان ڕەنگدانەوەیەکی یەکجار کەمی هەیە و ئەوە سیستەمی نرخەکانە کە دیاری دەکا بنەماکانی ئابووری بە چ شێوەیەك لە کۆمەڵگادا کەڵکی لێ وەربگیردرێ یان چلۆن تەرخان بکرێ. لە نیزامی بازاڕی ئازاددا، خاوەندارێتی تاکەکەس لە سەر بنەماکانی بەرهەمهێنان دێتە ئاراوە. بە واتایەکی‌تر بەشی هەرە زۆری خاوەندارێتی لە ژێر دەسەڵاتی بەشی تایبەتی یان خەڵك دایە و دەوڵەت زۆرتر تا ئەوەی خاوەندار بێ، دەسەڵاتدارە.

بەڵام لە نیزامی(ئابووریی دەوڵەتی)دا بە پێچەوانەی نیزامێکی تەرخانکراو، چەقبەستوویی و نەگۆڕبوون، بنەڕەتییە. بە پێی بڕیارەکانی دەوڵەتی لەم نیزامە دا، خاوەندارێتی دەوڵەتی بە سەر بنەما بەرهەمهێنەرەکاندا زاڵە. زۆرتر خاوەندارێتی لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت دایە. ئابووری ئێران بە زۆری لەم چەشنە ئابوورییەیە و لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت دایە.

سێهەم، لە (ئابووری سوننەتی)ش دا تەرخان کردنی بنەماکان بە پێی یاساکانی پێشینیانە کە هەنووکە لەم چەشنە نیزامە لە هیچ کوێیەکی دونیا ناوی لە کولەکەی تەڕیش دا نیە. ئەم شێوەیە ئابوورییەکی بژێویە کە لەو دا

خاوەندارێتی بە جێگەی ئەوە کە دەوڵەتی یا تایبەتی بێ، پتر خاوەندارێتی‌یەکی دابەشنەکراوە.

بە هەمان شێوە کە ئاماژەی پێ کرا نیزامی ئابووری ئێران ئابووری‌یەکی دەوڵەتی‌یە. بەڵام کاتێك ئێژین نیزامی ئازادی ڕەکەبەرایەتی ئابووری ئینگلیس یا ئامریکا، مەبەست ئەوە نیە کە دەوڵەت هیچ ڕۆڵێکی نیە. بەڵکو مەبەست پێکهاتەیەکە لە بازاڕ و دەوڵەت. لە نیزامی بازاڕی ڕەکەبەرایەتی ڕۆڵی دەوڵەت کەمتر و تەنگەبەرتر و سنووردار بە کالا گشتی‌یەکانە. بەڵام لە نیزامی ئابووری دەوڵەتی‌دا، دەوڵەت زێدە بە کالا گشتی‌یەکان، پێ‌سپێراوی و دەسەڵاتی خۆی دەخاتە سەر کالا تایبەتی و تاکەکەسی‌یەکانیش.

سەبارەت بە دێمۆکراسی دەبێ ئاماژە بکرێ کە دێمۆکراسی هەمیشە و دایم لە وڵاتی ئێمە دا بە شێوەیەکی خراپ و نادروست خراوەتە بەرباس. خاڵێکی گرینگ کە لە بارەی دێمۆکراسی دا بوونی هەیە و هەمیشە بێ بایەخانە هەڵسووکەوتی لەگەڵ کراوە، ئەمەیە کە دێمۆکراسی دوو مانا و دوو مەبەستی هەیە، کە دەبێ لە یەکیان جیا کەینەوە و بزانین کامەیان ئەو مەبەستەیە کە ئێمە وەدوای کەوتووین و کامەیان ئەو مەبەستەیە کە شیاوی دابەزاندنە و گونجاو و جێ‌کەوتوویە.

مانای یەکەمی دێمۆکراسی کە بە زۆری مانایەکی جێ‌کەوتوویە و ئامانجی زۆینە و گشتیی خەڵکە. گریمانەی ئەوە دەکەن کە دێمۆکراسی بریتییە لە دەسەڵاتی خەڵك و دەسەڵاتی ئیرادەی خەڵك بە چاوپۆشی لە بابەتی ئەو ئیرادەیە. (ئەوەیکە زۆربەی هەرە زۆری خەڵك چییان گەرەکە) یا ئەگەر ئیرادەی زۆربەی خەڵك لە کۆمەڵگا دا زاڵ بێ، ئێمە لە سیستەمێکی دێمۆکراتیك دا دەبین. ئەم وێنایەی دێمۆکراسی کە لە وڵاتی ئێمەدا باوە و زۆربەی باسەکان لەو چوارچێوەیەدا خول دەخۆنەوە و لە باسەکانی ئەو دوایی‌یانە لە ساڵی ١٣٧٦ بەولاوە خراوەتە بەر باس و زۆربەی ئەو تاقمە لە چاکسازەکان کە قسەیان لەسەر دێمۆکراسی کردووە ئەو مانایەیان لە دێمۆکراسی لە زەین دا بووە. بە بڕوای من ئەمە مەبەستێکی نادروست لە دێمۆکراسی‌یە. ئەو مەبەستە لە دێمۆکراسی کە هەڵبەت لە ڕۆژئاوا هاتۆتە کایەوە بەبێ خۆلادان لە زۆرێك لە بابەتەکاندا بەرەنگاری خۆی دەبێتەوە. واتە لەم چەشنە بیرۆکەیە لە دێمۆکراسیدایە کە فاشیزم و ڕەگەز پەرەستی دێتە ئاراوە. سیستەمەکانی فاشیزمی و کۆمۆنیستی یان دێمۆکراسییەکانی خەڵکی لە ئورووپای ڕۆژهەڵاتی پێشوو لەم شێوازە بۆچوونە پێك هاتوون.



٣٠

بابەتی خاوەنداریتیی خەڵك یان دیموكراسی چییە؟ ئیژن هەر ئیرادەی خەڵك زاڵ بیٚ تەواوە. مەبەستی تری دیموكراسی كە بە بڕوای من مەبەستی واقیعی دیموكراسیەیە، رووتیكردنە لە دەنگی خەڵك و ملدان بۆ دەنگی زۆرینە بۆ چارەسەری ئاشتی خوازانەی ناكۆكییەكان و گواستنەوەی ئاشتی خوازانەی هێزی سیاسییە. مانای سەرەكی و بنەڕەتی دیموكراسی ئەمەیە. ئەو شتەی كە لە وڵاتە دیموكراتیكەكان زاڵە، ئەم سیستەمەیە. واتە سیستەمی ملكەچ كردن بۆ دەنگی گشتی و گویٚ پیدان بە زۆرینەی دەنگی ئەوان بۆ چارەسەر كردنی كیشەكان و گواستنەوەی ئاشتی خوازانەی دەسەڵات. لە وڵاتە دیموكراتیكەكان كودەتا نابینریٚ و دەنگی زۆرینە هەرچییەك بیٚ گویٚی پیٚ دەدریٚ. واتە جیاوازی بیروڕا لە سەر بنەمای جۆری حكوومەت لە كۆمەڵگا، بڕیاراتی دەوڵەتی لە بنەڕەتی رووهینان بە زۆرینەی دەنگەكان دیاری دەكریٚ. لیرە دا باسی ئەوەیكە ئەو زۆرینەیە چیٚیان گەرەكە لە ئارادا نیە. لە سیستەمی دیموكراتیك ئەوە نیە كە زۆرینە هەرچییەكیان گەرەك بیٚ رەوایە یان ریٚ پیدراوی سیاسی هەبیٚ. لە سیستەمی دیموكراتیك بە پیچەوانەی ئەوەی كە باوە ریٚپیدراوی هەڵقوڵیو لە دەنگی خەڵك نیە. یانی ئەگەر حكوومەتیك بە پیچەوانەی مەیلی زۆرینەی خەڵك دەسەڵاتدار بیت و دریژە بەم شیوازە دەسەڵاتداریتیەش بدا، قەبووڵكراوی گشتی نیە. بەڵام رەوا بوون باسیكی ترە، ریٚ پیدراوی دەگەڕیتەوە سەر ناسین یان ریٚز دانان بە ماف و ئازادیە گشتیەكان. ئەوە ئازادیە كە گرینگی هەیە و لە سیستەمە دیموكراتیكەكان دا بنەڕەت و ئامانجە، نەك خودی دیموكراسی. دیموكراسی ئامرازیكە بۆ هینانە كایەی ئازادی تاكەكەسی. بە واتایەكی تر دیموكراسی بە بیٚ ئازادی گریمانە و وینا ناكریٚ و نایەتە دی. ئەگەر ئازاد نەبن چلۆن گەرەكیانە دەنگ بدەن. بەڵام ئازادی بیٚ دیموكراسی لە ناوەندگەلیكی تایبەت دا دیتە ڕامان. چونكە دیموكراسی ئامرازە. تاقمیك چین وەك پارادۆكس(استپنا) دەناسن لە حاڵیكدا بە ریكەوت پارادۆكس نیە. بابەتەكە تەواو ڕوونە. لە چین، دیموكراسی هەر نییە. بەڵام لە ناوەندگەلیكی تایبەت لە ئابووری دا، ئازادی هەیە. بەڵام لەو لاوە لە كۆمەڵگایەك دا كە ئازادی ئابووری بوونی نەبیٚ، باسی سەرەكی ئیمە ئەوەیە و دیموكراسی ناتوانیٚ پیك بیت و ناتوانیٚ پیٚ بگریٚ و خۆ ڕاگریت.

دیموكراسی ئامرازیكی گرانبەهایە بۆ پاراستنی ئەمنییەت و ئاسایش لە كۆمەڵگادا. لە بان ئەوەشەوە ئیژین دیموكراسی ئامرازیكی گرانبەها و خونەبوارە بۆ گەرەنتی كردنی ئازادییەكانی مرۆڤ و ئازادییە تاكەكەسییەكان. لە ڕاستی دا مەبەست ئازادی مرۆڤەكانە و دیموكراسی ئامرازە. ئامانج مافی تاكەكەسی و مافی سروشتی مرۆڤەكانە. دیموكراسی ئامرازی وەدەست هینانی ئەوانەیە. بە واتایەكی تر ئەم پارادۆكسەی نیوان ئازادی و دیموكراسیە بەم شیوەیە دەردەبردریٚ كە ئەگەر بە پیٚی دیموكراسی، یاسای دیموكراتیك و دەنگی زۆرینە، زۆرینە بڕیاردەر بن كە ماف و ئازادیەكانی تاكەكەسییەكانی كەمینە پیشیل بكەن، ئەوە بە پیچەوانەی ئازادی و بە پیچەوانەی دیموكراسییە: ئەگەرچی بە ڕواڵەت دیموكراتیكە. هەر بۆیە نابیٚ لە دیموكراسیدا باس لە سەر ناوەرۆكی ڕەوا بوون بكریٚ. ئازادی و مافی مرۆڤەكان ناكەویتە بەر دەنگ دان:بەڵكو بە ڕەسمییەت دەناسریٚ. بۆ وینە ڕاگەیاندراوەكانی مافی مرۆڤ لە دەنگی خەڵكەوە سەرچاوە ناگریٚ. ئەوانە وەك دەستووریكی چەسپاو بە ڕەسمییەت و فەرمی دەناسرین وەك دەستووریكی ڕوون و ئاشكرا. هەنووكە ئەگەر شتیكمان خستە بەر دەنگ دان و٩٩٠٪ی

کۆمەڵگایەك دەنگیان پێ دا کە مافی ئازادییەکانی کەسێك یا تاکێك ڕەتبکەینەوە، ئەوە بە پێچەوانەی مافی مرۆڤە و ناکرێ قەبووڵ بکرێ و بە واتای درووستی وشە لەگەڵ دێمۆکراسی یەك ناگرێتەوە. بەڵام ئەوانەی پێیان وایە دێمۆکراسی واتە دەنگی ڕەوای بەرهەمی زۆرینەی خەڵك، پێ دەچی تووشی ئەو هەڵەیە بن و ئەم ڕێگایە، ڕێگایەکی مەترسی دارە، ڕێگای پۆپۆلیسمە.

وێنا کردنی ئێمەی ڕووناکبیری ئێرانی لە دێمۆکراسی وێناکردنێکە کە، زۆربەی کاتەکان کۆمەڵگای سیاسی و مێژووی ئێمەی تووشی لارێ چوون و لادان کردووە. ئێمە هەمیشە خۆشحاڵ دەبین کە زۆرییەنەیەکی لێبڕاو ٩٠٪ی دەنگ بە حیزب و یان کەسێك دەدەن. ئێژین ئەو دەسەڵاتدارە زۆر یمۆکراتیکە، بەڵام وانیە. بە هەڵکەوت ڕێسا و یاسای دێمۆکراسی ئەوەیە کە ئەو کەسەی بە دەسەڵات دەگات بە دەنگی نێوان نیوە لەگەڵ چەند لە سەد دا یان ٥١٪، ٥٢٪ دەسەڵات بکات. جگە لەوە بێت دەکەوینە بەر مەترسی پۆپۆلیسمی. دەکەوینە ناو مەترسی پێشێلکردنی مافی کەمایەتییەکان. ئەو شتەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕووی داوە و ئەو باسەی خۆمە خۆمە و هی خۆم نییەی کە هاتە ئاراوە، لێرە سەرچاوە دەگرێ. دەڵێین ئێوە بۆتان نیە هیچ بڵێن: دەتوانین مافی ئێوە پێشێل بکەین. چونکە زۆرینە وا ئێژێ و ئەو بنچینە سەرەکییەشمان لەبەر چاو گرتووە کە ڕەوا بوون بەرهەمی زۆرینەیە. کەواتە ناخۆمانەکان کە لە کەمینە دان مافێکیان بۆ گوتن نیە. ٩٨٪ دەنگیان بەشتێك داوە و ئەو ٢٪ قسەیەکیان بۆ وتن نیە. بەڵام ئەوە دێمۆکراسی نیە. ئەمە جۆرێك پۆپۆلیسمە و ئەم مەترسییە، مەترسی فاشیزمە، مەترسی ڕەگەز پەرەستییە. خۆمە و هی خۆم نیە سەرکوتکردنی بیر و ڕا جیاوازەکان و هەموو ئەو شتانەی بە دوای دا دێت. کە هەڵبەتە بە خۆشییەوە ئێمە دۆخی توندی ئەوتۆمان لە کردەوەی سیاسی و لە پراکتیکی سیاسی دا ئەزموون نەکردووە.



کەواتە دێمۆکراسی ڕاستەقینە ئازادی هەڵبژاردن بۆ کەمایەتی‌یە. چونکە زۆرینە هەڵبژاردنی خۆی کردووە و دەسەڵاتدارە. کاتێك ئێژین دێمۆکراسی و قسە لەسەر دێمۆکراسی دەکەین یانی بۆ ئەوانەی لە خۆم نین. بۆ بیرو ڕا جیاوەزەکان. نە ئەوەیکە بێ یەك و دوو تەسلیمی دەنگی زۆرینە بین. بۆ ئەوەی باسەکە زۆر دور نەکەوێتەوە ئاماژە بە خاڵێك دەکەم سەبارەت بە کۆمەڵگای خۆمان و وێنایەك کە لە دێمۆکراسی هەمانە. لە هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەم زۆربەی ڕەخنەکان کە لە بڵاوکراوەکانی ئەو کات دابوو، سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی لێهاتوویی‌یەکان دەهاتە گۆڕێ. مەبەست ئەوە بوو کە ئەو ڕەتکردنەوانە پەرەی سەندووە. دەگوترا بۆچی هێندە بەربڵاو لێهاتووەکانتان ڕەتکردۆتەوە؟ واتای دژ بەم قسەیە چی بوو؟ واتە ئەگەر بەکورتی لێهاتووکان ڕەتبکەنەوە گرفتێك نیە بەڵام بەربڵاوی مەکەنەوە. ئەمە یانی چی؟ واتا هەمان زۆرینە. یانی هەمان خۆمە خۆمە هی خۆم نیە. کە بەڕێزان ئەو ئامادە نەبووانە کە لە پەڕاوێز دا چەند کەسێکن مافی هەڵبژێران یا هەڵبژاردنیان نیە. ئەوانە بە نا لێهاتوو ڕەتبکەنەوە هیچ گرفتێك نیە بەڵام کاتێك ئێوە بە بەربڵاوی لێهاتوویی‌یەکان ڕەت دەکەنەوە ئەوە دێمۆکراسی نیە. ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە وێنایەك کە ئێمە لە دێمۆکراسی هەمانە، وێنایەکی تەواو هەڵە و جیاوازە.

ئەوەی کە ئەگەر کۆمەڵێك زۆرینەیان نەبێت دەکرێ مافەکانیان و ئازادی تاکەکەسی و ئازادی هەڵبژاردنیان پێشێل و زەوت بکرێ.

کەواتە پێوانەی ئەوەی کە ئێوە ببینن سیستەمێك دێمۆکراتیکە یان نا ئەوەیە کە ئایا دەنگی ناخۆمانەکان، ئازادی ناخۆمانەکان بە ڕەسمییەت دەناسێ یان نا؟

با بگەڕێنەوە سەر باسی سەرەکی "ئابووری دەوڵەتی و پەیوەندی‌یەکانی لەگەڵ دامەزراندنی نیزامی ئازاد و دێمۆکراتیك. "قسەی نووسەر ئەوەیە کە لە ئابووری‌یەکی دەوڵەتی دا ئیمکانی بوونی دێمۆکراسی بە واتای دێمۆکراسی ڕاستەقینە کە باسم کرد بوونی نیە. بە لانی زۆرەوە دەکرێ لە بارودۆخێکی تایبەتی دا جۆرێك پۆپۆلیسم لە وڵات دا بە شێوەی ئابووری دەوڵەتی دابمەزرێندرێ:ئەویش بە شێوەی کاتی. چونکە پۆپۆلیسم ماڵێکی کورتخایەنە بۆ هێوەر کردنەوەی خەڵك. ماوەیەك کە تێدەپەڕێ ئەو دەوڵەتەی کە بە پۆپۆلیسم هاتۆتە سەر کار، نێوەرۆکی خۆی دەردەخا. کەواتە دژایەتی و ناکۆکی‌یەکان لە کۆمەڵگا دا دێنەدەر. بەڵام ئابووری دەوڵەتی کە پێی لەسەر دا دەگرم کە وڵاتی ئێمەش (ئێران) تووشی ئەم نەخۆشی‌یە زۆر ترسناکەیە دوو ڕەهەندی گشتی و زەقی هەیە. یەکیان خاوەنداریێتی دەوڵەت بەسەر سەرچاوە ئابووری‌یەکانە واتە دەوڵەت زەوی، ئامرازەکان، سامان، ناوەندەکان و کارخانەکانی لە ژێر دەسەڵاتی خۆی دان. زۆربەی سەر

چاوەکان لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت دان. ئەمە ڕەهەندێکی ئابووری دەوڵەتی‌یە. لایەنی دووهەم دەسەڵاتی "دیوان سالار"ی بەسەر ژیانی ئابووری خەڵك دایە. لە ئابووری‌یەکی دەوڵەتی دا "دیوان سالارەکان" بەسەر خەڵك دا دەسەڵاتدارن. ئیرادەی دەسەڵاتداران بڕیاری یاسایی دەگرێ. هەل و مەرجی دیوان سالارانە ئەوەیە. ئێوە ئەگەر شارەزایی‌تان لەسەر ئیدارەکانی ئێران هەبێت لەگەڵ ئەم ڕاستی‌یە ڕووبەڕوو بوونەوە کە کاتێك بە کارگێڕێکی "دیوان سالار" دەڵێی کە ئەم بڕیارەی تۆ بە پێچەوانەی یاسایە. دەڵێ باسی یاسا لەگەڵ من مەکە:یاسا خۆمم. دیوان سالاری واتە ئەمە. و یەکێك لە گەورەترین دەردەکانی ئابووری ئێمە ئەم زاڵ بوون و باڵ بەسەر دا کشانەی دیوان






سالاری و بۆرۆکراسی‌یەیە بە سەر ئابووری کۆمەڵگای ئێمە دا. ئاکامی ئەم دوو ڕەهەندەی دەوڵەتی سەرپەرەستیاری دەوڵەت بەسەر خەڵك دایە و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری دەسەڵاتداران و دیوان سالاران بەسەر خەڵك دا.

باشە ئەمە یانی چی؟ چ پەیوەندییەکی لەگەڵ دێمۆکراسی دا هەیە؟

ئەوە ڕاست پێشێل کردنی دێمۆکراسییە و پێشێلکردنی ئازادی مرۆڤەکانە. لە ئابووری دەوڵەتێك دا بتهەوێ و نەتهەوێ بە ناچار شوێنی خزمەتکار و خزمەتپێکراو دەگۆڕدرێ. لە باتی ئەوەی کە دەوڵەت لە خزمەت خەڵك دا بێت، خەڵك دەکەونە خزمەتی دەوڵەت و دەسەڵاتدارانی. ئایا هەنووکە لە وەها بارودۆخێك دانین؟لە حاڵێك دا دەبێ بە پێچەوانە بێت. دەوڵەت بە پێی هەر پێناسەیەك لە دەوڵەت، دەبێ خزمەتکاری خەڵك بێت. دەوڵەت لە خزمەت خەڵکی دایە. چونکە خەڵك نرخەکەی دەدەن. دەوڵەت پارێزەری خەڵکە. نوێنەری خەڵکە. ئاغا و کوێخای خەڵك نیە. مەگەر ئەوەیکە وێنا کردنێکی زۆر کۆنمان لە دەوڵەت هەبێت. بەڵام بە ناچار لە ئابووری دەوڵەت دا ئەو پەیوەندییە دەبێتە پێچەوانە. بۆ چی؟چونکە بژێوی خەڵکی بە زۆری لە بەر دەستی دەوڵەت و دەسەڵات بە دەستان دایە. کاتێك بژێوی کەسێك بە ئەوی تر گرێ دراوە، ئەوەی تر دەبێتە ئاغای ئەوەی دیکە. دەوڵەت دەبێتە کاربەر و ئاغای خەڵکی. دەوڵەتی بۆرۆکراتیك دەبێتە ئاغای خەڵکی. ئەوەی کە ئێستا لە وڵاتی ئێمە دا هەیە.

بە ڕاستی بەشی تایبەتی و تاکەکەسی لە کوێیە و چ هێزێکی هەیە. نوێنەری بەشێکی تایبەتی یا ناوەندی بە سامانێکی میلیاردی‌یەوە لە هەمبەر کارگێڕانی دەوڵەت دا لە بەرامبەر تەنانەت کارگێڕانی ژێرەوەی دەوڵەت چەندە خۆ بە کەم دەزانێ و مل کەچی دەکات. چەندە دەترسێ. چونکە ئەمنییەتی ئابووری نیە. بۆ چی؟ چونکە لێرە سیستەمی بۆرۆکراتیك دەسەڵاتدارە. چونکە لە جیاتی ئەوەی کە ڕێسا گشتی‌یەکانی نێوان مرۆڤەکان لەم کۆمەڵگایە لەم ئابووری دەوڵەتی‌یە دا دیاری بکەن:ئیرادەی بۆرۆکراتەکان ئیرادەی دیوان سالارەکان و دەسەڵاتدانە کە جێگای یاسا دەگرنەوە.

ئەو گرفتەی لە کۆمەڵگاکەماندایە ئەوەیە کە ئەگەر دەبینن لە دێمۆکراسیدا پێشکەوتنێکی بەرچاو وەدەستناهێنین، من پێم وایە پتر هۆیەکەی هەر ئەوەیە لە ئابووری دەوڵەتیدا لە جێگای خۆمان هەر پێ دەکوتین. لە زۆر ڕەهەندەوە بە ئاشکرا دەبینن کە وڵاتی "چین"ی کۆمۆنیست بە پلەگەلێك ئابووری‌یەکەی لە ئابووری ئێمە ئازادترە. ئەو کات چ چاوەڕوانییەکمان هەیە کە ئێمە بە دێمۆکراسی بگەین. دێمۆکراسی پێویستی بە ئیرادەی ئازادی تاکەکانە. دێمۆکراسی حیزبی ئازادی گەرەکە. هەڵبژاردنی ئازاد، سەرەتا و پێشەکی دێمۆکراسی‌یە. من چلۆن دەتوانم هەڵبژاردنی ئازادم

هەبێت کاتێك بژێوی ژیانی من لەبەر دەستی دەوڵەت دایە:زۆربەی خەڵك، هەموو خەڵك بە شێوەیەك بژێویان لە بەردەستی دەوڵەت دایە. کە واتە دەتوانن کام حیزبە دروست بکەن کە بە پێچەوانەی مەیل و ئارەزووی دەوڵەت کار و تێکۆشان بکات.

یەکەمین هەنگاو لە ڕێگای گەیشتن بە دێمۆکراسی ئازاد کردنی ئابووریەیە. و ئازاد کردنی ئابووری تەنیا تایبەت سازی نیە. ئازاد سازی ئابووریەیە. ڕەتکردنەوەی ئەم بۆرۆکراسیەیە گەورەیە کە وەکوو جلەیەکی (اختاپوس) دەسەڵاتدار بەسەر ئابووری خەڵکی بووە و دەست و پێیانی بەستووە. تا کاتێك کە ئێمە ئەم چاکسازییانەی پێکهاتەیی لە ئابووری دا بەجێ نەگەیەنین جووڵان بەرە و لای دێمۆکراسیەیەکی ڕاستەقینە و دروست فانتازیایەك و ئامانجێك دەبێت و بە ئاکام ناگات.

ئێمە دەمانتوانی بە پشتیوانی دەنگی خەڵك و متمانەی خەڵك و متمانەی گشتی خەڵکی پێوەندیدار بە دەوڵەتی دەسەڵاتدار لەساڵی ١٣٧٦ چاکسازیگەلێکی ئابووری گرانبها و بە خەرجێکی کەم بە ئەنجامی بگەیەنین.

بەڵام چوار ساڵ تێپەڕ بوو تا ئەوەی کە ئیسلاخوازەکان تێگەیشتن ك ئابووریش ڕۆڵێکی سەرەکی لە ژیانی سیاسی دا هەیە و بەرە بەرە بیریان لە هێندێك ئیسلاحات کردەوە کە هەڵبەت ئیتر دەرفەتێکی زۆر نەبوو و جووڵانەوەکانیش زۆر کز و لاواز بوو.

لە کۆتایی دا پێ لە سەر ئەوە دادەگرم کە ئامانج، ئازادی تاکەکەس، ئازادی مافی تاکەکەسی، خاوەندارێتی تاك و پەیوەندی لەگەڵ دێمۆکراسی وەکو ئامرازێك بۆ دەسەڵاتی ئاشتی خوازانە و بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵاتە. ئەم بیرمەندە سیاسیانە، فەیلەسووفانی سیاسی زۆرتر لە سەر ئەم گرفتە پێدادەگرن کە دەسەڵاتی دێمۆکراتیك، دەسەڵاتێك نیە کە بە زۆرینەی دەنگی خەڵکی بە دەسەڵات دەگا، بەڵکو حکومەتێکە کە بە زۆرینەی دەنگی خەڵك لادەچێ. کە واتە دێمۆکراسی ئامرازێکە بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی جیاوازییەکان. دێمۆکراسی سەرچاوەی ڕەوابوون نیە.

سەرچاوە::
گۆڤاری "آیین"، ژمارە ١، ساڵی یەکەم. لاپەڕە ٢٥.